Research Center

# کێشمەکێشە نێوخۆییەکانی "چوارچێوەی شیعی" لەسەر پارێزگارەکان

15-02-2024

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە** : جگە لە کەرکوك و دیالە، ئەنجومەنی 13 پارێزگای دیکەی عێراق، پارێزگاری خۆیان هەڵبژارد، پاش چەند ڕۆژێك لە چاوەڕوانی و لەنێو مشتومڕێکی گەرمی سیاسی و یاساییشدا، سەرۆکایەتی کۆمار مەرسومی دامەزراندنی بۆ هەڵبژێردراوەکان دەرکرد جگە لە پارێزگاری سەلاحەدین، بەڵام بەپێی ئەو ئاماژانەی بەردەستن دەستبەکاربوونی پارێزگارەکان شەڕو کێشمەکێشە نێوخۆییەکان لەسەر حکومەتە خۆجێیەکان ڕاناگرێت، چونکە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و شێوازی دابەشکردنی پۆست و پشکەکان درز و کەلێنی گەورەی لەنێو رکابەرەکان دروستکردووە.

جگە لە کەرکوك و دیالە، ئەنجومەنی 13 پارێزگای دیکەی عێراق، پارێزگاری خۆیان هەڵبژارد، پاش چەند رۆژێك لە چاوەڕوانی و لەنێو مشتومڕێکی گەرمی سیاسی و یاساییشدا، سەرۆکایەتی کۆمار مەرسومی دامەزراندنی بۆ هەڵبژێردراوەکان دەرکرد جگە لە پارێزگاری سەلاحەدین، بەڵام بەپێی ئەو ئاماژانەی بەردەستن دەستبەکاربوونی پارێزگارەکان شەڕو کێشمەکێشە نێوخۆییەکان لەسەر حکومەتە خۆجێیەکان ڕاناگرێت، چونکە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و شێوازی دابەشکردنی پۆست و پشکەکان درز و کەلێنی گەورەی لەنێو رکابەرەکان دروستکردووە.

## پارێزگارە کێشە لەسەرەکان

مەرسومە فەرمییەکەی سەرۆکایەتی کۆمار لە 13ی شوباتی 2024، لەسەر ئاستی فەرمی کۆتایی بە مشتومڕێکی گەرمی پاش هەڵبژاردن هێنا کە پەیوەست بوو بە شەرعییەتی یاسایی دانیشتنەکانی هەڵبژاردنی پارێزگارەکان، بەڵام هێشتا دۆخی پارێزگاری هەڵبژێردراوی سەلاحەدین (ئەبو مازن)، بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، چونکە جگە لەوەی 220 دۆسیەی یاسایی پەیوەست بە کاری پێشووی لە پارێزگاکە لەسەرە ، مشعان جبوریش کە سیاسیەکی رکابەریەتی هەموو هەوڵی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی رێگری لە جێگیرکردنی بکات. لە کەرکوك و دیالەش کە دوو پارێزگای فرەپێکهاتەن، هێشتا لەبارەی دانانی پارێزگار  رێککەوتن نەکراوەوە و بەهۆی ئاڵۆزی دانوستاندنەکانی ئەم دوو پارێزگایەش ئەگەری دواکەوتنیان بۆ کاتێکی نادیار کراوەیە.

## پارێزگارە یاخییەکان لە چوارچێوەی شیعی

هەرچەندە هێزەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعی کە بە چەند لیستێکی جیا بەشداریان کرد، براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی کۆتایی 2023 بوون، بەڵام لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بەر دیواری سێ پارێزگاری یەکەم و براوە کەوتن ( ئەسعەد عیدانی لە بەسرە، نسەیف خەتابی لە کەربەلا، محەمەد مەیاحی لە واست)، ئەمەش بوو بە رێگر لەبەردەم گۆڕینی کەسی یەکەمی حکومەتە خۆجێیەکانی پارێزگا شیعە نشینەکان بە کەسایەتییەکانی سەر بە چوارچێوەی  هاوئاهەنگی شیعی کە لە غیابی سەدردا براوەی یەکەم بوون. لەنێو ئەم پارێزگایانە؛ بەسرە پایتەختی ئابووری عێراقە، کەربەلا شاری پیرۆز و رووگەی زیارەتکارانە و رەمزیەتێکی واتاییشی لە شەقامی شیعی هەیە، واستیش پارێزگایەکی کشتوکاڵی سنورییە لەسەر رۆخی رووباری دیجلە.

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەم پارێزگارانەش لە یارییەکانی هەڵبژاردنی ناو ئەنجومەنەکان، ناکۆکی نێوخۆیی هێزەکانی چوارچێوەی شیعە بوو لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پۆستی پارێزگار و سەرۆك ئەنجومەنەکان و بە دیاریکراویش ئەو سێ پارێزگایەی ئاماژەیان پێ کرا. ناکۆکییەکانی چوارچێوە هێندە قووڵ و سەخت بوون کە تا ئاستی تەخوینکردن و تۆمەتبارکردنی توندی یەکتر رۆیشت. لە هەندێك پارێزگاشدا (واست) ئینشیقاقی لێ کەوتەوە (فراکسیۆنی عەسایب). لە هەڵوێستێکی بێ پێشینەشدا یەکێك لە سەرکردەی گرووپە چەکدارەکان (شبل الزیدي) لەبارەی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعی خوازەیەکی بەکارهێناوە کە باس لەوە دەکات هەندێك لایەن ئەگەر خزمەتی "کچانی شانۆخانەکانیان بکرایە بەرهەمدارتر دەبوو"، ئەمەش زەقترین ئاماژەی درزی گەورەی چوارچێوە سیاسییەکەی شیعەیە. هەموو ئەمەش لە کاتێکدا روویدا کە ئەم چوارچێوەیە لە بنەڕەتەوە گیرۆدەی دابەشبوونەکانی جەنگی غەززە و چۆنیەتی مامەڵەکردنن لەگەڵ هێرشە درۆنییەکانی ئەمەریکا. هەر بەهۆی ئەو ناکۆکییانەشەوە نەیانتوانی لە پاکێجی یەکەمدا پارێزگاری دیالە یەکلایی بکەنەوە و دابەشبوون گەیشتوەتە ئاستێك کە دەگوترێت فراکسیۆنی عەسایبی ئەهلی هەق لە دژی فراکسیۆنی بەدری هاوپەیمانیان، پشتیوانی لە فراکسیۆنە سوننەکان دەکەن.

## ناکۆکی نێوخۆیی شیعە لەسەر پارێزگارەکان

لە نەخشەی دابەشکردنی پارێزگارەکاندا، بەغدا و موسەننا بەر لیستەکەی مالیکی کەوت. لە نەجەف مەکی کەناوی سەربە رەوتی حیکمە جێگەی ماجید وائیلی پارێزگارە سەدرییەکەی گرتەوە. لە زیقاریش هەر رەوتی حیکمە  پارێزگاریان بردەوە  و مورتەزا ئیبراهیمی پۆستەکەی وەرگرت. لەو پارێزگایانەی تریش کە بەر هێزەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعی کەوتن، لە دیوانیە عەباس زاملی و لە میسان حەبیب فەرتوسی لە رێکخراوی بەدر بوونە پارێزگار. عەلی دوای پارێزگاری پێشووی میسان کە ناوباگێکی زۆری هەبوو سەر بە سەدرییەکان بوو. لە بابلیش سەرکردەیەکی عەسایب بە ناوی عەدنان فەیحان پۆستی پارێزگاری وەرگرت کە لە لیستی تیرۆری ئەمریکادایە و تۆمەتبارە بە کوشتنی پێنج سەربازی ئەو وڵاتە. سەرباری رێککەوتن لەسەر ئەم دابەشکارییەش هێشتا هەر گلەیی و گازندەی نێوخۆیی لە چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستی پارێزگارەکان بەسەر هێزە شیعەکان هەر دۆسیەیەکی کراوەیە.  شبل ئالزەیدی کە یەکێکە لە سەرکردەکانی هاوپەیمانی "نەبنی" لە تۆڕی ئێکس شێوازی دابەشکردنی پشکی نێوخۆیی پارێزگاکانی بە "پشکی شێر و رێوی"

چوواندووە، وەك ئاماژەیەکیش بۆ هەژموونی بەدر، کە جگە لە دوو پارێزگا (دیوانیە و میسان) هێشتا چاوی لەسەر پارێزگاری دیالەشە، جگە لە بەدر و عەساییبیش هێزەکانی تری هاوپەیمانییەکە کە شەش لایەنن، هیچ پارێزگارێکیان بەر نەکەوتووە.

## چارەنووسی پارێزگارە یاخییەکان

ئەو هێزانەی ناو چوارچێوەی هاوئاهەنگی کە لە دابەشکردنی پۆستی پارێزگارەکان بەخواستی خۆیان نەگەیشتوون، ئێستا لە رێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دانیشتنی دانانی پارێزگارەکان دەدەن بەتایبەت ئەوانەی پێیان دەوترێت "یاخی بووەکان". رێگاکانیش زیاتر بریتین لە: پەنابردن بۆ کۆکردنەوەی واژۆی پەرلەمانتاران و هێنانە سەر خەتی دەسەڵاتی یاسادانان، تۆمارکردنی سکاڵا لە دەزگا دادوەرییەکان لەگەڵ گوشاری سیاسی.

ئەم شەڕە یاسایی و سیاسییەش، لە پارێزگای واست لە نێوان پەرلەمانتار "یوسف کیلابی" و پارێزگاری هەڵبژێردراو "محەمەد مەیاحی" کە لە حیکمە جیا بووەتەوە، زەقە. لە دەرەوەی ئەوانیش لە ژێر پەردەوە لە کەربەلا و بەسرە هەر گەرمە چونکە ئەوانیش لە دەرەوەی خواستی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە هەڵبژێردراون و پشتیان بە لیستە یەکەم و براوەکانی خۆیان بەستووە.

زۆر لە بۆچوون و ئاماژەکان لەسەر ئەوەن کە لە قۆناخی داهاتوودا چوارچێوەی حوکمڕان لێ نەگەڕێت پارێزگارە یاخییەکانی بەسرە، واست، کەربەلا بەبێ کێشە و سەربەخۆیانە کاربکەن، بەتایبەت کە لەم قۆناخەدا هیچ پاڵپشتییەکی سەدریان نییە کە هۆکاری درووستکردنی باڵانس بوو لە نێو شیعەکان. ئەوەشی سەرچاوەی هێزی چوارچێوەی شیعەیە لەم پارێزگایانە، باڵادەستی هاوپەیمانییە شیعەکەیە بەسەر حکومەت و پەرلەمان، هەر بەهۆی ئەمەشەوە دەتوانن لەمپەری جۆراوجۆر بۆ پارێزگارە رکابەرەکانیان دروست بکەن. جگە لە گوشارە داوەری و سیاسییەکان، دەشێ هەوڵی پەشیمانکردنەوەی ئەندامانی ناو لیستە یەکەمەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکان بدەن لە پشتیوانی پارێزگارە یاخییەکان، ئیتر چ بەرامبەر دەستکەوت بێت یان لەژێر گوشار. هۆکاری ئەم شەڕ و پێداگرییەش لەسەر گێڕانەوەی هەژموونی چوارچێوەی هاوئاهەنگی بەسەر سێ پارێزگا یاخییەکە (بەسرە، کەربەلا، واست) جگە لە تۆڵەکردنەوە لە پارێزگارە جیابووەوەکان، بۆ لایەنی دارایی دەگەڕێتەوە. چونکە پارێزگاکان و پرۆژە و بودجەکانیان سەرچاوەیەکی گرنگی پارەدارکردنی هێزە سیاسییەکانن و پرسێك نییە فەرامۆش بکرێت یان بە ئاسانی بازی بەسەردا بدرێت. بەتایبەت کە هەموولایەك هەر لە ئێستاوە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی 2025 ئامادە دەکەن و لە هەڵمەتی پێشوەختەی هەڵبژاردندان.